دەستگیرکردنی دوو بازرگانی مادەی هۆشبەر لە سلێمانی



ئەمە دووشەممە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، دەستگیرکردنی دوو بازرگانی مادەی هۆشبەری لە سلێمانی ڕاگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتیەکە لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، "نیوەڕۆی ڕۆژی 5ی ئابی 2025، لە ئەنجامی کۆکردنەوەی زانیاری پێشوەخت، و چاودێری ورد، و بەدواداچوون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانەوە، هێروەها بە فەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوە لە سلێمانی ، هێزەکانی ئاسایش توانیان دوو تەمەتبار دەستگیر بکەن کە تەمەتبارن بە بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکان و دەست بەسەر (19)کیلۆگرام مادەی هۆشبەر لە جۆری تیلیاک بگرن ، ئامانجیان ئەو بوو کە ئەو مادەیە بە قاچاخ ببەن و لە ڕێگەی قاچاخچیەکەوە بیگوازنەوە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان".

ئاماژەی بۆشکردووە، "بە بەیاری دادوەر، تەمەتباران بەپێی مادەی (25)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و ماددە دەروونیەکان دەستگیرکراون و تا ئێستاش دەسێکانیان لەژێر لێکۆڵینەوەدایە".